# چەند ووشەیەک سەبارەت بە فیلمی کوردی

**"ئەو ئارەزوانە کە لە راستی ژیاندا پێیان ناگەین**
**لە سەر شاشەی سینەما دەیان بینین و رازی دەبین."**
**ئارنۆڵد هاوزر**

**١-**

بە رێکەوت نەبوو کە سینەما لە دەورانی پیشەسازیدا پەیدا بوو و گەشەی کرد. دەبووا لە پێشدا کارەبا پەیدا بێ و فیلمی فۆتۆگرافی لە شووشەوە بێتە سەر ژێلاتین و بکرێ بە ئاڵقە و کامێرایەک چێ بکرێ کە ئەو فیلمەی تێیدا بسوورێ و ئەویش پێویستی بە کۆمەڵێک دۆزینەوە لە بوواری تەکنیکدا هەبوو. یانێ فیلم بۆ خۆی منداڵی تێکنۆکۆژیایە. هەر بۆیەش فیلمسازی بەر لەوەی هونەر بێ، پیشەسازییە و کارخانە (industrial)ییە نەک هۆنەری تاقیگەیی. بەر لە هەر شتێک پێویستی بە سەرمایە و تێکنۆلۆژی و بازاڕ هەیە. هەموو ئەمانەش کادر و کرێکاری خۆی دەوێ. کەوابوو سینەماش وەکوو هەر پێشەسازییەکی دیکە لە پێشدا دەبێ کارخانەکەی دابندرێ. دانانی ئەمەش یانێ هەبوونی تێکنۆلۆژی لە بوواری سینەمادا (لە کامێراوە بگرە هەتا ئۆستۆدیۆ و لابراتوار و...) دیارە بۆ ئەو ووڵاتانەی وەکوو کوردستان کە درەنگ دەستی پێی کردووە، دەکرێ لە دەرەوە بیکڕین (بیکڕین و هی خۆمان بێ نەک بەکرێ بگرین) ئەمەش پێویستی بە تەرخان کردنی سەرمایەیە، سەرمایەش لەم بووارەدا هەموو کاتێک لە بەشی ئەهلییەوە هاتووە. لە بڕێک ووڵاتی پێشنەکەوتوو لە باری سەرمایەدانانەوە، دەوڵەت ئەم ئەرکە بە ئەستۆ دەگرێ و دوایە کە کەوتە قازانج دەیدا بە بەشی ئەهلی.
**دووەم مەرج** بوونی هێزی کارە، وەکوو هەموو پیشەکانی دیکە، بەڵام بەیەک جیاوازییەوە. لە بوواری سینەمادا دوو جۆر هێزی کار هەیە. ئەوانەی کە بەشی هۆنەری و کۆلتورییەکەیان بە ئەستۆیە (کە ناکرێ لە بەنگلادێش و ئەڵمانەوە بیان هێنی – دەبێ خۆت هەتبێ و خۆت پەروەردەی بکەی، دەنا کارەکە نابێتە موڵکی تۆ- بەشێکی دیکەی هێزەکە کارگەری تەکنیکین کە دەکرێ لە دەرەوە بەقەرز بیانهێنی هەتا خەڵکی خۆت پێدەگا. بۆیە دانانی **فێرگەی سینەمایی** لە پێویستییە هەرە گرینگەکانە و سەرەتایە بۆ دەست پێکردنی بوونی سینەما لە ووڵاتێکدا.
(بەوە چار نابێ کە تاک وتەرا خەڵکێك لە ووڵاتێکێ دیکەدا (کەم یان زۆر) خوێندبێتیان و بێن راستەو خۆ بگەنە بەرهەم.
**سێهەم شتی** گرینگ بوونی بازاڕە بۆ ئەو بەرهەمانە کە لەو کارگەدا پێک دێ. وەکوو هەموو پێشەیەکی دیکە. ئەگەر بەرهەمەکە نەفرۆشرا ئەوە شکست دێنێ و بە فستیواڵ چوونیش چار ناکرێ.
ئەگەر هەرسێ ئەو بەشانەمان هەبوو، ئەوجار دینە سەر چاک و خراپی بەرهەمەکە و پێناسە کردنی. وەکوو بەرهەمی تایبەتی خۆمان و لە بازاڕی پێشبڕکێدا دەچینە مەیدانەوە.
با لە خۆمان بپرسین کام لەم سێ بەشەمان هەیە؟ (لە هێزی کار، لە دەرهێنەرەوە هەتا ئاکتەر و لە وێنەگرەوە هەتا تەکنیککاری لابراتوار و مەکیاژ و...) چەندمان هەیە؟ بە گریمان نزیک بە هیچ (ئەوەی هەیە زۆر کەم لە چوارچێوەی هونەری کوردیدا دەگونجێ.)
شەریکە و کارگەی فیلمسازیش کە بۆ خۆی سەرمایەی هەبێ هەر باسی مەکە.
بازاڕیش؟ کوا یەک سالۆنی سینەما لە شارەکانی ئێمەدا؟
لە باشترین هەلدا دەیفرۆشین بە کەناڵێکی تلەڤزیونی. (لەم گیرفان بۆ ئەو گیرفان!)

ناڵێم دەبوا هەبا و کەمتەرخەمی کراوە! نا. ڕێگای سەدساڵە بە شەوێک نابڕدرێ. هەوڵ دراوە و جێگای پێیزانینە، یلام بەو شێوەیە کە دەبوا بڕوا نەڕۆیشتووە.
لە جێگایەکەوە دەبێ دەست پێ بکەین، بەڵام بەر لەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هێشتا دەستمان پێی نەکردووە. ئەوەی کراوە پێشەکییە، نیشانەی خواستە بۆ سینەمای کوردی. بێگومان فیلمی کوردی لەو سیستەمەدا بە بەرهەم دێ. یانێ سینەما ئەنستیتۆیە و دەبێ دابمەزرێ وەکوو باقی ئەنستیتۆکانیتر کە ووڵات بێ ئەوانە هەڵپرژاو دەبێ. ئەم ڕێکخراوانە لە ژێر چاوەدێری وەزارەتێکدا، بەڵام بەشێوەی سەربەخۆ کار دەکەن، ناوەندێکن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پشکنین و لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانە بە خەڵک.
هاوتەریب لەگەڵ دانانی زانکۆی سینەمایی، پێویستە مامۆستا و سینماوانانی ئێمە وتوویژێکی ڕووناکبیرانە لەسەر چەند و چۆنی سینمای کوردی، دەست پێ بکەن. بەئاکام گەیشتنی ئەم وتوویژەیە کە پێمان دەڵێ فیلمی کوردی کامەیە و سینەمای کوردی دەبێ چۆن بێ و چ شتێک ناسنامەی کوردییە و چ شتێک نییە. هەروا کە هەر بینەرێک پاش پێنج خولەک بۆی دەردەکەوێ کە فیلمێک ئەمریکییە یان فەرانسەییە. (جگە لە ناسینەوەی ئاکتەرەکان) هەرواش دەبێ دەرکەوێ کە کوردییە. ئەمە تەنیا پێوەندی بە زمان و ئاکتەر و جێگای تۆمارکردنی فیلمەکەوە نییە. ئەم پێناسە لە چۆنیەتی داڕشتن و ساختمان و بەکارهێنانی شێوەی دراما و شیوەی قسەکردنەوەیە هەتا دەگاتە بەکارهێنانی تایبەتییەکانی کولتووری ئەو ووڵاتە. بۆ نموونە لە هیچ فیلمێکی ئەمریکیدا نابینی کە لە کافەیەک داوای قاوە بکرێ، یان لە فیلمێکی فەرانسەییدا کەسێک چای بخواتەوە. چیرۆکێکی ئەڤینداری لە فیلمی فەرانسەییدا بە شێوەیەک دەڕواتە پێش و کۆتایی دێ، لە درامای ئینگلیسی و ئیتالیدا بە شێوەیەکی دیکە. کاری هونەرمەندانی گەورەی سینەما و درامای ئەو ووڵاتانە ئەوە بووە کە ئەو تایبەتییانە بدۆزنەوە و جێگیری بکەن. دەنا ئاسان بوو لە رووی دەستی یەکتر بنووسنەوە.
ووشەیەک زۆر دەبیستری (کە ڕەنگە لە وەڵامی ئەم بۆچوونانەی منیشدا بگوترێتەوە). ووشەی جیهانی بوونی هونەر و هونەرمەندە. با دەست بخەمە پێش و وەڵام بدەمەوە. یەک تاکە بەرهەمی هونەریم پێ نیشاندەن کە بووبێتە جیهانی و تایبەتییەکانی ووڵات و خەڵکی جێگایەکی دیاریکراوی پێوە نەبێ! تەنانەت "گرنیکا"ی "پیکاسۆ" کە لە کۆشکی ڕێکخراوی نێونەتەوەییدا دانراوە، باسی ڕەنجی دە ساڵەی گوندێک دەکا کە ناوی گرنیکایە و لە ئیسپانیا، وڵاتەکەی پیکاسو، دایە.
مرۆڤ هەموو هەستەکانیان وەکوو یەکە. هەموو ئەڤین و ڕەنج و بەخێلی و ... دەناسن، (هەر بۆیە تەواوەی ئەو بابەتانەی کە تا ئێستا هەموو هونەرەکان پێکەوە باسیان کردووە سی و شەش بابەت زیاتر نین.) بەڵام **ڕەنج و ئەڤین و بەخێلی و بێ بزەییەتی تۆ چۆنە؟** چۆن دەتوانی بە زمانێک، بە شێوەیەک باسی بکەی کە زمان و شێوەی تۆ بێ؟ هەر لەوکاتەشدا بەشەکانی دیکەی دونیاش لێت تێ بگەن. بەڵام بەر لەهەمووان دەبێ کاردانەوەی لە کۆمەڵی خۆتدا هەبێ، دەنا بایەخی نابێ. هەرچەند لەبەر هەندێ هۆی دیکە کە پەیوەندییان بە هونەرەوە نییە هەڵات لە دەور ساز کەن و خەڵاتیشت بکەن.

راسته هێندێ هەوڵ بۆ سازکردنی فیلمی کوردی دراوە. فیلمی کورت و درێژ هەن کە بە کوردی دەدوێن. هێندێکیان لە ووشەی یەکەمدا دەکەونە ژێر پرسیارەوە کە ئایا دەکرێ پێیان بگوترێ فیلم؟ خۆ هەر شتێک لەسەر شریت تۆمارکرا نابێتە فیلم، ئەگەر گەییشتە ئەو ئاستە، ئەوکات دیاری دەکەین کە کوردییە یان نا. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەگەر کاری بۆ بکرێ، هیوایەک هەیە. ئەم کارکردنە دەبێ لە چ بوارێکدا بێ و چەند و چۆن بێ باسێکی جدییە.

لە پێش هەمووانەدا با بزانین سینەمای وولاتێک چۆن پێکدێ و چۆن پێناسە دەکرێ؟

ئەگەر **فیلمی کوردی** تەنها بەوە بناسرێ کە ووتار و گوتەکانی بە کوردییە، ئەوە لە هەشتاکانەوە دەستی پێ کردووە. تاک و تەرا کەسانێک (کوردی ئێران و عێراق و تورکیە) کە سینەمایان لە هەندەران خوێندبوو بە هەزار دەردیسەر و چەرمەسەرێ پارەیەکیان پەیدا دەکرد، فیلمێکیان چێ دەکرد کە گوتەکانی کوردی بێ. لە لایەک بۆ ناساندنی میللەتەکەیان و لەلایەکیترەوە بۆ نیشاندانی ئەو هەلومەرجە نالەبارە کە کورد بەهۆی دیکتاتۆرییەکانی دەسەڵاتەوە تێیدا دەژیان. ژمارەی ئەم فیلمانە هەتا ئاخرەکانی نەوەد ناگاتە پەنجەکانی دەستێک. هەمووش لە ئۆروپا کراون و مەبەست نیشاندانیان بە خەڵکی ئەوێ بووە، چوونکە ئیمکانی ناردنەوەی بۆ ووڵات دژوار بوو. دیارە لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی تەکنیکی و ئاکتەر و بەگشتی کزی ئابووری چەند و چۆنی فیلمەکان نەدەگەییشتە رادەیەک کە لە ئۆروپا بفرۆشرێ و سینەماوانەکانیش هەر بە یەکەم فیلم لە گێجەنە دەردەچوون. ماندوو و قەرزدار بیری فیلمێکی دیکەیان لە بیر خۆ دەبردەوە.

نەبوونی پێوەندی لە نێوان ئەم سینەماوانانەدا ببوو بە هۆی ئەوە کە هیچ ووتووێژێک لەسەر چۆنیەتی و تایبەتییەکانی فیلمی کوردی نەبێ و هەرکەسە بە گەزی خۆی بیپێوێ و بەو ئازموونانەوە کە لەو ووڵاتە فێری ببوو کار بکا. ئەوە بوو کە جگە لە زمانەکە (ئەویش بە زاراوەی جۆر بەجۆر) هیچ خاڵێکی هاوبەشیان تێدا نەبوو، تەنانەت بۆچوونیان بۆ کێشەی کورد و بەرەنگاری لەگەڵ دیکتاتۆرەکانیش یەک نەبوو. دەرهێنەرێک سەناریۆیەکی دەنووسی بێ ئەوە کە فیلمەکانی دیکەی دیبێ و پێی وابوو ئەوەی ئەو باسی دەکا کەس باسی نەکردووە.

لە ساڵەکانی دووهەزار بەم لاوە کە دەسەڵاتی کوردستان پارەی بۆ سینەما تەرخان کرد، فیلمی کوردی دەورێکی تازەی وەرگرت، بەڵام بەداخەوە نەخۆشییەکانی دەوری پێشوو هەر مایەوە. هێشتاش هەرکەس پێی وابوو خۆی یەکەم کەسە و دەبێ ببێ بە باوکی سینەمای کوردی! تەنانەت دوای روخانی رژێمیش (ئێستاشی لەگەڵ بێ) شێوەی هۆنەری پێش روخان (پروپاگەندە دژی رژیم) هەر بەردەوام بوو. نەبوونی کادری شارەزا لە بوارەکانی تەکنیکی سینەما و نەبوونی سەنتەرێک بۆ دابینکردنی تایبەتی و چۆنیەتی فیلمەکان، نەبوونی سالۆنی سینەما بۆ پیشاندانی فیلم و وەرگرتنی رای خەڵک و دیاریکردنی کاردانەوەی کارەکە، بوون بە هۆی ئەوە کە ئێستاش فیلمی کوردی کاتی بوون و بە هەڵکەوت بوونی پێوە دیار بێ و جگە لە زمانەکەی و هەژاربوونی لە باری ناوەرۆک و فۆرمەوە هیچ تایبەتییەکی دیکەی نەبێ.

**-٣**

هونەر بەگشتی و هونەری سینەما بە تایبەت پێوەندییەکی دوو لایەنەی لەگەڵ کۆمەڵ هەیە. (بێ ئەوە کە بمەوێ بچمە نێو باسی هونەر بۆ هونەر و هونەر بۆ کۆمەڵ و هونەر بۆ مەبەست) بۆ هەڵبژاردنی بابەت **دەبێ** لێکدانەوەیەک لە هەلومەرجی ئەم کاتەی کۆمەڵ هەبێ. هەتا بتوانرێ بابەتی دروست لە کاتی دروستدا

پێشکەش بکرێ. سینەما هەموو کاتێک یارمەتیدەر و رێ پێشاندەری لەناوبردن و ئەهوەن کردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵ بووە. چارلی چاپلین گوتوویەتی **"کاتێک کێشەیەک دەبینم لەباتی ئەوە کە پەخشانێک بنووسم، فیلمێک چێ دەکەم"** بەشێکی هەرە بنەڕەتی مێژووی سینەما باسی ئەوەیە کە چ بابەتێک لە چ کاتێکدا و بەهۆی چ کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ساز کراوە. بۆ نموونە بە سەدان فیلم لەسەر چۆنیەتی بڕیاردان و کەم و کووڕی یاسا لە دادگەکانی ئەمریکیدا ساز کرا هەتا بتوانن کاریگەرییان لەسەر هەبێ. لەم دووایییانەدا بە دەیان فیلم لەسەر زیندانەکانی ئەمریکا ساز کراوە، چوونکە کێشەیەکی گەورەیان لەوبارەوە هەیە و بە پێی ئاماری رێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ پەنجا لە سەدی زیندانییەکانی هەموو دونیا لە ئەمریکادایە.

ئەی دەرهێنەرەکانی ئێمە خەریکی چین؟ کێشەکانی کۆمەڵەکەمان چییە؟ ئاخۆ فیلمەکانمان باسی ئەوانە دەکەن؟ ئەوەندە کە من بزانم هەر باسە کۆنەکەیە کە چیتر هۆی نەماوە و بەخۆڕایی دووپات دەبێتەوە. باسەکە بووەتە مێژوویی. فیلمی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەم فیلمانە لەو چوارچێوەدا ناگونجێن و دەرهێنەرەکانیشمان نیشانیان داوە پێی ناوێرن و نایزانن. ئەمە کە باسی رووداوی زۆر گەورە دەکرێ دوو هۆی هەیە: یەک پێمان وایە کە هەرچی بابەتەکە قورستر بێ فیلمەکەمان بەنرختر دەبێ. ئیتر بیر لەوە ناکەینەوە کە بابەتی قورس زانیاری و لێهاتوویی و کەرەسەی قورسیشی دەوێ کە من گومانم هەیە هەمان بێ. دووهەم بیر ناکەینەوە (تەنبەڵی مێشک) شتی نوێ پەیدا کەین. چاو بگێرین بە کۆمەڵەکەمان و کێشەکانیدا ، جوانییەکانی، کەم و زیادەکانی بە ووردی ببینین. بە شێوەی هونەری (سینەمایی) وەریانگێڕینەوە، بەڵکوو هەر ئەو شتە سواوانەی لەبەردەست دایە جارێکی دیکەش دەیسوینەوە. ئەمەش بۆ خۆی دوو لایەنی هەیە. یەک ئەوەیە کە هێشتا کارێکی تێروتەسەل و بەنرخ کە ئێمە رازی بکا لەسەر ئەو بابەتانە نەکراوە، و هێشتا نەمانزانیوە کەم و کووڕیی ئەوی دیکە چ بوو، دەست دەدەین بەکارێکی پڕ کەم و کووڕی دیکەوە. (هەڵسەنگاندن هەر باسی مەکە) لایەنی دووهەم ئەوەیە کە هێشتا موشتەری هەیە و پارەی بۆ دەدەن و ئێمەش دووکانەکە داناخەین. نەبوونی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی و نەناسینی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵ لەباشترین هەلدا بەرهەمەکان (تەنانەت ئەگەر شێوەی هونەرییەکەشی باش بێ) دەکاتە شتێکی تاکەکەسی و لەهەمان کاتدا دژ بە خۆی.

بۆ نموونە: لە فستیواڵی کورتە فیلمی کوردیدا لە شازدە فیلم حەوتیان ئاکتەری سەرەکییان گۆجە کە لەسەر چوارچەرخە دانیشتوون.(چل و پێنج لە سەد) بێ ئەوە کە راستەوخۆ بابەتی فیلمەکە پێوەندی بە گۆج بوونیانەوە هەبێ. چواریان شێتن (بیست و پێنج لەسەد) باقییەکەش منداڵی وێڵ و بێ باوک و بێ دایک و سواڵکەرن. یان بابەتی وەها ئابستراکت(تەریک)ن کە گومانم هەیە دەرهێنەرەکە بۆ خۆشی بزانێ دەیەوێ چ بڵێ.

**ئەرێ کەس نییە پێمان بڵێ خەریکی چین؟** کوا حەفتا لەسەدی کۆمەڵی ئێمە گۆج و شێت و سواڵکەرن. ئەگەریش وایە من باسێکی تایبەتیم سەبارەت بەو دیاردیە نەدیت. پێتان وا نییە دووپاتکردنەوە و چاولێکەرییە؟ لە هێندێ لە فیلمەکاندا هەوڵ دراوە شێوەیەکی کوردی ببیندرێتەوە، یان کولتووری کوردی رەچاو بکرێ، بەڵام هێشتا نەبووەتە پێناسە. دیاری کردنی ئەم پێناسەیە تەنیا و تەنیا لە زانکۆی سینەماییەک دەکرێ کە لەوێ مامۆستای لێزان نە تەنیا لە سینەمادا(بە هەموو بەشەکانییەوە) بەڵکوو لە بوواری کولتووری کوردی و تایبەتییەکانی کۆمەڵناسیی کوردەواری و کوردستان و پێداویستییەکانی و رەوتی پێکهاتنی سینەمادا شارزا بن و لاوەکانمان ئامادە بکەن بۆ مەیدانێک کە لە مەیدانی شەڕ سامناکترە.

ئەوجا لە خۆمان بپرسین خاڵی دەستپێک کامەیە؟

وەک گوتراوە سینەما هونەری حەوتەمە. هەروەها گوتراوە کە ئەم هونەرە کۆی هونەرەکانی دیکەیە. واتە، ئەگەر کەسێک دەیەوێ کارێکی هونەری (نەک بازاڕی) لەم بووارەدا بکا، دەبێ زانیاری سەبارەت بە هونەرەکانی دیکە هەبێ و لە کارەکیدا کەڵکیان لێی وەرگرێ!
با دەهێنەرەکەمان لە خۆی بپرسێ چەند ڕۆمانی خوێندووە و چەند بیری لە داڕشتنی دراماکە کردووەتەوە. چەند رەخنە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ڕۆمانە خوێندووەتەوە؟ چەند بوواری ئەدەبی دەناسێ و چۆن بیریان لێ دەکاتەوە؟ دەرهێنەر و یَنەگرەکانمان چەندە شێوازەکانی هونەرە تەشکیلییەکان دەناسن و چەند سەرنجی تابلوە نەقاشییەکانیان داوە و لە کارەکەیاندا کەڵکی لێی وەردەگرن؟ هەروا بڕو بۆ دنیای رەقس (هەڵپەرکێ) و تئاتر موزیک (ئەمەیان لای ئێمە لە هەمووی کۆڵەوارترە- کە گوێ بە موزیکی فیلمە کورتەکان دەگری ئەوەندە نابەچێ و پڕ لە نەزانینە کە سەرسام دەگری.) و هتد...
دیارە لە هونەرەکانی دیکەشدا جێگای هونەری کوردی بەتاڵە. کوا ڕۆمان، کوا شێوەکاری، کوا شانۆ... ئەی ئەگەر ئەوان نەبن کۆی هونەرەکان (سینەما) چۆن پێدەگا. ئەمە بە شۆڕشێکی کولتووری پێدەگا و شۆڕشیش خەڵکی شۆڕشگێری دەوێ. نەک ئەوانەی کەوچکێکی ئاودا مەلە دەکەن.
ئەوە هونەرمەندەکانن کە فێری خەڵک دەکەن حەزیان لە چی بێ. ئەرکی ئەوانە کە خەڵک فێری زمانی هونەری و زمانی وێنە بکەن. هولیوود ماوەی بیست ساڵە بەس فیلمی ئاکشن دروست دەکا و لە سالۆنی سینەماکان و لە شاشەی تلەڤزیۆنەکاندا پیشانی خەڵکی دەدا و سەلێقەیەکی بۆیان دروست کردووە کە بووتە هۆی ئەوە خەڵک بەس مشتەری ئەو چۆرە فیلمانە بن. **ئێمە دەمانەوێ خەڵکەکەمان بە چی رابێنین؟** ئەمە ئەو پرسیارە گرینگەیە کە هەموو هونەرمەندێکی ئەو وولاتە، لە نووسەرەوە هەتا موزیکوان و فیلمساز دەبێ لە خۆی بکا و لە وەڵامەکەی بگەڕێ. با ئەم پرسیارە ببێتە بابەتێک لە ڕۆژنامە و کۆبوونەوەکانمدا، لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا. با پێکەوە کاری بۆ بکەین.
ت
تەیفور